# تێڕوانینێکی فەلسەفیانەبۆزانکۆ

## نیهاد جامی

کاتێ بمانەوێ لەسەرپەیوەندیی نێوان زانکۆوخوێندکاربدوێین پێویستمان بەو تێگەیشتنەهەیە, کەبەرامبەربابەتێك دەوەستین لەلایەك ئەو دامەزراوە خۆی وابەستەکردووەبە مەعریفەیەکی کۆنی دەست نیشان کراو کەسەپێنراوەتە سەر خوێندکار لەلایەکی ترڕێکخراوە خوێندکاریی وقوتابییەکان ئەوپەیوەندییەیان لەناوستایشی کاریی ڕێکخراوەیی نوقم کردووە, بۆیەبەتەنیا پێویستمان بەوە نییەلەتاکە شوێنێکدا بوەستین بۆقسەکردن بەڵکو بۆئەوەی بگەینە تێگەیشتنێکی ڕوون پێویستەپرسیارلەکۆمەڵێك هۆکاربکەین کەپەیوەستەبەو دامەزراوەئەویش لەڕاستیدا ئیشکالیەتی نێوان زانکۆومەعریفەبەپلەی سەرەکیە, بۆیە سەرەتا پێویستمان بەپرسیارێکەلەو دامەزراوە پرسیارێك بەهیچ چەشنێك داینابرین لەتێڕوانینی فەلسەفیەوە, بەڵکو ئەو ووتارە بەجیاواز لەو قسەکردنەی زانکۆ کردوویەتی بەپیشەی خۆیولەڕێگەی فەرامۆشکردنی فەلسەفەوە, ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەتێڕوانینی فەلسەفیەوە لەزانکۆ بدوێین,چونکە بەو کارەبەتەنیا نیازپاکی نووسین دەرناخەین, هێندەی مەبەستمان دۆزینەوەی پانتاییەکە بۆ گفتوگۆی ڕەخنەییئەوەش بەو مانایەی کەخوێندنەوەی ڕووبەرەکانی ئەو دامەزراوە بێت.ئەو بۆچوونەی پێی وایە کەڕوانینی فەلسەفی کێشەی زانکۆی ئێمە نییە, بۆچونێکی هێندە هەژارانەیە مایەی ئەوەیە تەنیا بەزەیمان پێی بێتەوە, چونکە ئەو تائێستالەحەقیقەتی ئەوە تێنەگەیشتووە کەزانکۆبەرهەمی مۆدێرنیتیە, کاتێ بەرهەمی مۆدێرنیتیش بوو پێمان خۆش بێت یان نیگەران بین دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە ئێمەلەبەرهەمی شاربوون دەدوێین.

### شاربوون وشارچێتی

پرسیارکردن لەچەمکی شاروتێگەیشتن وڕەفتاری کەسی کوردی لەتەك ئەو چەمکە باسێکە هەڵگریی فرەدەلالەتی وجیاوازیە, ئەوەش بۆکۆمەڵێك هۆکاردەگەڕێتەوە, بەرلەهەمووشتێك پێویستەپرسیاری ئەوە بکەین ئایا ئێمە بەپێی چەمکەمۆدێرنێتیەکەی شارمان هەیە؟ بەمانایەکی تر ئێمە بەچی دەڵێین شار؟

ئەگەر شار بەتەنها دەلالەت بێت بۆ زۆری ڕێژەی دانیشتوان وباڵەخانەی بەرز ئەوە پێویستەبڵێین ئێمەدەمانەوێ زەمینەی شوێنگەیەکی تر بدۆزینەوە کە لەپەیوەندیی دەست نیشان کراوی گوند دوورمان بکاتەوە , بەمانایەکی تر دەمانەوێ گوند سنور وشێوەی پێکهاتەی لەناو هەرەمی شاردا فراوان بکەین, چونکە شار بەتەنیا لەناو سیما ڕووکەشەکان خۆی نوقم ناکات هێندەی خاوەنی ئەدگاروسیفات وئاکاری تایبەت بەخۆیەتی, بۆیەشارلەزهنیەتی ئێمەبەتەنهاقۆناغێکە بۆدەسبەرداربوون لەخانووی قوڕ و ئامێزکردن بەکۆشکەکانیشار, دەنا قۆناغێك نەبووە بۆ گۆڕان لەئاستی کۆمەڵایەتی,شاربوون بەمانای هەموو ئەو ئاکارەی کە گوند چەپاندوویەتی,شار دەتوانێ ئازادیی بکات ئەوەش مەعریفەیەکی نوێی ژیانە, دەسبەرداربوونەلەوتێگەیشتنەی گوند, ئێمە کاتێ بەپێی ئەو تێگەیشتنە لەناو نائامادەیی شاردا دەژیین, بەڵام دەکرێ ئومێدی شاربوون بۆئایندە لەدەست نەدەین, بۆئەوەی ببینە خاوەنی شار پێویستەهەستی ڕەخنەیی لەناو خۆمان گەورە بکەین, گومان بەشداربێت لەگەشە کۆمەڵایەتیەکانمان ئەوەمان بیرنەچێت کەئێمە شارمان نییە بەڵکو لەناو وەهمی شاربوون دەژیێین, ئەو وەهمە ئەگەر بۆکۆمەڵگای عەرەبیش بووبێتە حەقیقەتێك خۆیان نوقمی ئەو وەهمە کردبێت کەکۆمەڵگای عەرەبی خاوەنی شارن بەمانا مۆدێرنێتیەکەی ئەوە کەسێکی وەك (ئەدۆنیس) هەیە ئاگاداریان بکاتەوە کە خاوەنی شارنین وبەڵکو وەك خۆی دەڵێت"لەڕاستیدا ئێمە شارمان بەمانای ووشە نەبووە,ئێمە کەڵەکەبوونی خانووبەشەرمان هەبووە"بوونی تێگەیشتنێکی لەم چەشنەئومێدێکی گەورەیە بۆبنیاتنانی شاربوون, بەڵام کاتێ ئەو تێگەیشتنە ون بووە, ئەوکاتەسەرگەردانیەکی گەورەیەوابزانین شارمان هەیەو زانکۆش لەناو

ئەوشارەدا گەشە دەکات, ئەوناسینە خێرایە بۆشار دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدات لەئێستادا لەسەر پەیوەندیی زانکۆومۆدێرنێتی بووەستین.

## زانکۆومۆدێرنیتی

پەیوەندیی نێوان زانکۆومۆدێرنێتە, باسێکی سەرەکی ئەو دامەزراوەیە بەو گوتارە, کەلەنێو دەیالۆگەکانی ئێمەدا ئامادەیی نییە, لەڕاستیدا ناکرێ زانکۆبەلەدایک بووی هەناوی مۆدێرنێتیسەیرنەکەین, چونکەئەو دامەزراوەلەدایکبویپەیوەندیی نوێی شارە, شارکەئاکارێکی نوێ دەسەپێنێ, ئەو ئاکارە دەپەڕێتەوەنێوئەودامەزراوەولەنێویداگەشەبەوئاکارە دەدات ودەیباتەئاستێك کەبەشداریی لەگۆڕانەکان بکات, بۆیەهەندێجارزانکۆبووەتەشوێنێك کەخاڵی دەسپێك بێت بۆگۆڕانکاریی سیاسیوکۆمەڵایەتی, بۆیە ئەگەر(ئیمبرترئیکۆ)ووتی"زانکۆگەراجیلاوانە"ئەو ووتەیە چەندەپەیوەندیی بەڕەخنەی بیریارێکەوە هەیەلەو دامەزراوە, هێندەش پەیوەندیی بەگوتاریی مۆدێرنێتیەوە هەیە, مۆدێرنێتە کەدەسبەرداری فۆرم نابێت, بۆیەبەگەراج ناوبردنی لاوان, تەنیا دەلالەتیئەوەمان پێنابەخشێت , کەلاوان خۆیانیتێدا نمایش دەکەن ومەعریفەیتیاوەدەست ناهێنن, بەڵکولەڕووی دووەمیداپەیوەندیی گوتاری مۆدێرنێتیەبەو دامەزراوە,کەیەکێك لەخەسڵەتەکانی والەزانکۆدەکات ببێ بەشوێنێك بۆخۆنمایش کردنی لاو, ئەوخاسیەت وئاکارەیە کەئەودامەزراوەهەڵگریەتیلەکاتێکداسەرباری ئەو تایبەتمەندیە, نابێ ئەوخەونە فەرامۆش بکەین کەزانکۆهەیەتی, تەنها ئەویش بوونیئەو دامەزراوەیە بۆ مەعریفەی نوێ,مەعریفەبەمانایتیۆری زانستینوێ, تیۆرێك توانای دەرچوونیهەبێت لەسیستمی پەروەردە وخوێندنەوەبۆکایەکۆمەڵایەتی وسیاسی وئابوریەکان, لەئێستاشداکەلەسەردەمێك دەژین گلۆبالیزەیشن ڕۆڵی سەرەکی هەیەلەنێو زانست وکایەکان,ناکرێ خوێندکاریزانکۆبەهۆیڕووبەرێکی دەست نیشانکراویخوێندن, خۆی دابڕێت لەگۆڕانکاریەکانی زانست,بەڵکو دەبێ زانکۆبەپێی سەردەم خەونی بنیاتنانی مەعریفەی هەبێت, ناکرێ لەودەقەئەدەبیە فۆتۆریستیە بچێت کەمامۆستایەك لەگەنجیەوە بۆپیریمەعریفەیمێژووی بۆخوێندکارەکان دووبارە دەکاتەوە, چڵ ساڵ دەچێتە پۆل وهەرهێندە دەڵێت"دانتی شاعیرێکی گەورەیە کۆمیدیای یەزدانی نووسیوە"بۆیە دەبێ ئەو دامەزراوە خۆی لەزانستی سەردەم بەدوور نەگرێت ولەگەڵ گۆڕان ومەعریفەی نوێ هەڵسوکەوت بکات, ناشکرێت شوێنێك بێت بۆئامادەکردنی فەرمانبەرو مامۆستا, چونکەئەوەیان هەر لەوسیستمەبەعسیە دەچێت, کەزانکۆ دەبێ بەشوێنێك بۆئامادەکردنیسەرباز.. عیراقی هەشتاکان..عیراقی وولاتیخاوەن شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران, وولاتێکەلەگەڵ دەرچوونی خوێندکاران لەزانکۆ دەبێ خوێنیان ئەو شەڕە سوورتر بکات, یاتەنانەت نمونەیەکی تری ئەو سیستمە تۆتالیتاریەی بەعس, مەسەلەی بەعسیبوونەبۆ حزبی بوون, کەئەو دامەزراوە نەکرێت بەشوێنگەیەك بۆمومارەسەکردنی چالاکی حزبی, هەڵبەت ئەو خاڵە دابڕانی خوێندکارنییە لەچالاکی سیاسی, ئەوەیان مافێکی هەرخوێندکارێکەو خوێندکارئازادە بەوویستی خۆی مومارەسەی بکات, تەنانەت حزبێکیسیاسی کەدەتوانێ زۆرینەی ئەندامەکان بۆخۆی کۆبکاتەوە, بەڵام نەك حزبی بوون ببێ بەدیاردەیەك, خوێندکاربۆئەوەی مافی وەرگرتن لەکۆلێژێك مسۆگەربکات, یاژوورێکی لەبەشی ناوخۆیی پێبدرێت, دەبێ ملکەچ بکات بۆئیرادەی ڕێکخراوی خوێندکاریی ئەو حزبەی کەدەسەڵاتیسیاسی یا حزبی بەدەستە, لێرەدا مەبەست تەنیا لەهێزە بالاّ دەستەکان نییە, بەڵکو ئەو هێزانەش کەخاوەنیئابووریەکی سەیرن, ئەوە ئیرادەی خوێندکارنییە, پاسی خوێندکارانی کوروکچان لەیەکتری جیادەکرێتەوە, ئەو تۆزە ڕیشەی کوڕان بەبێزاریەوە بەچەناگەیان دەیهێڵنەوە, یان ئەو کچانەی لەچکێك دەکەنەسەریان, پەیوەندیی بەیارمەتی ئەوڕێکخراوە خوێندکارییە هەیە کەیارمەتیان دەدات,بۆئەوەی ووردتر لەو پەیوەندیە بدوێین کەزانکۆلای ئێمە کەوتۆتە نێوان دوالیزمی (دۆگما)و (مەعریفە), هەوڵ دەدەین لەسەر واقیعی حاڵی زانکۆکانی کوردستان قسەبکەین.

نەبوونی دیاردەیەکی نەگەتیڤ لەزانکۆیەکدا, ئەوە زانکۆنییە ئەو دامەزراوەی گۆڕیووە, بەڵکو ئەو ئاکارە کۆمەڵایەتیەی شارە گریمانەی کردووە, هەربۆیە ناکرێ بوونی نمونەیەکی پراکتیکی لەزانکۆیەکدا, بەتەنیا ئەو دامەزراوە بەرپرسیار بکەین, بەڵکو ئەوە وێنەی شارە لەنێو ئەو دامەزراوە ڕەنگ دەداتەوە, ڕەخنەکەلەوێوە ئاراستە دەکرێت, کەزانکۆتوانای گۆڕینی نییە,بۆیەهەمان دیاردە کەلەنێو زانکۆیەکی تر بوونی نە بێت, ئەوە پەیوەندیی بەئاستی ئەو دامەزراوەنییە, بەڵکوپەیوەندیی بەجۆری ڕەفتاروکرانەوەی‌شارەوەهەیە,شارخەسڵەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە, خەسڵەتێك خاوەن پەیوەندیی ورەفتاری جیاوازە, بۆیە شار بەرهەمی مۆدێرنێتیە,بەلاّم تائێستانەمانتوانیوە زانکۆوەك شارخەسڵەتەکانی تیابدۆزینەوەوبیکەینەپرسیاروڕەخنەئاراستەی‌دیاردە نێگەتیڤەکانی‌ناو کۆمەڵ بکات‌وهەوڵی گۆڕانیان بدات, مادامەکی‌زانکۆتائێستاپرسیاری‌لەو جۆرەی‌نەکردووە, ئەوائێمەناچارین پرسیارلەزانکۆبکەین, هەڵبەت پرسیارکردن بۆدەسکەوتنی‌وەلاّمێکی ڕووکەش‌وهەڵخەڵەتێنەرانەنییە, بەڵکوبۆ کەشفکردنی دیاردەنێگەتیڤ‌وئاشکراکردنی‌ئەوپەیوەندیەی‌زانکۆیەلەلایەك لەگەڵ خۆیدا,ولەلایەکی‌تریش لەگەڵ دەرەوەی‌خۆیدا, بۆیە پرسیارەکە کاتێك کۆمەڵێك ئاماژەو هێمای نۆستالۆژی‌لەناو ئەو دامەزراوە بەرهەم بێنێت, ئەوا ئەو دامەزراوەبەرپرسە, نەك پرسیاری خوێندنەوی ڕەخنەیی لەزانکۆ, ئەو پرسیارەی کەدەشیکەین بەدەسپێك بۆخوێندنەوەکەئەوەیە: "چۆن سەیری زانکۆبکەین؟"

چونکەتائێستا زانکۆلای ئێمە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ناوەندەکانی تری‌خوێندن نییە,ئەگەرپێشترئاماژەمان بەوەداکەزانکۆبەرهەمی مۆدێرنێتیە, ئەوائێستائەوەشی دەخەینەسەر, کەپێویستەڕۆڵی زانکۆلەناومۆدێرنێتی وون نەکەین, پێویستەوەك دامەزراوێکی‌مۆدێرنێتی تەماشای بکەین, کەبەدژی شوێنەوارەکانی‌ڕابردوولەکارداbێت,بەلاّم کاتیٚ دەبینین زانکۆناتوانیٚ‌ئەودامەزراوە بێت, ئەواناچارین لەوهۆکارەبپرسین, کەلەپشت ئەودامەزراوەلەکاردایە, پرسیاری مۆنۆپۆل کردنی‌وەك هەردامەزراوەیەکی تر,کەلەپڕۆژەی‌مۆدێرنێتی دەردەکرێت‌وتێکەڵ بەنەریتی بونیادەکۆمەلاّیەتیەکان دەکرێتەوە, ئەوەش وادەکات جەستەیەکی سڕی بیٚ گیان بێت, ڕێك وەك ئەو بووکە شووشەیەبیبینین کەدەزوولەیەکی بەسەرەوە کراوە, هەرکاتیٚ ویستمان بەسەمای دەخەین,ڕێك بەمانای ووتەکەی (ئیمبرترئیکۆ) کە ووتی"گەراجی لاوانە", چونکەلەو ڕووەدا ئێمە مەعریفە وە دەست ناهێنین, بەڵکوتەنیا خاوەن ڕووەکەی ترین,کەدەبێتە شوێنێك بۆخۆنمایشکردنی لاوان, کەڵەکەکردنی نەوەیەکی نوێیەلەزیندانێکداکەدەسەلاّت بەرهەم دێنێتەوە, دەسەلاّتێك بەناوی سیستمی پەروەردەیی خۆی دەسەپێنێتەوە, بۆبێدەنگکردن‌ووەرگرتنەوەی دامەزراوێکی ڕوناکبیری‌بۆدامەزراوێکی‌پەروەردەیی‌وکۆمەلاّیەتی,بەوەش ڕێگالەسڕینەوەی گۆڕان دەگرن,لەبڕی‌ئەوەبەپێی سیستمێکی‌نەگۆڕ مامۆستایەك کەوێنەی باوك لەخێزان بەرهەم دێنێتەوە,ئەگەرهەرهەمان وێنەی‌باوك نییە کیٚ ڕێگابەمامۆستایەك دەدات خوێندکارێك بەرشەق بدات؟ ئەگەرئەو عەقڵەپەترپارکیەئامادەیی نییەئەی چۆن مامۆستایەك جورئەتی‌ئەوە دەکات لەزانکۆدا نکوڵی‌لەتاوانی ئەنفال بکات؟ ئەوەسەرباری ئەوەی وێنەی باوکایەتی‌بەدرێژایی زەمەن لەسەرڕێڕەوێك دەڕوات‌وانەکۆنەکانی خۆی دەڵێتەوە,زەمەن تێدەپەڕیٚ‌وئەو بەردەوامەلەسەرئەوسیستمە,بەداکۆکی کردن لە وسیستمە دواکەووتوە, دەبنە بەربەست لەوەی‌هیچ گۆڕانێك ڕووبدات,گۆڕان لەوبونیادەسیاسی‌وئابوری‌وکۆمەلاّیەتیانەی کە بەمەداری‌بازنەیەکدادەمانسووڕێننەوە, ئەوان شوورەیەکیان بەدەوری زانکۆدرووست کردووە, کەبۆتەهۆی گۆشەگیریی نێوان ئەو دامەزراوەلەگەڵ ڕوناکبیرانی‌دەرەوەی زانکۆ, ئەوەش بەمەبەستی ڕوونەدانی هیچ گۆڕانکارییەکە, کەمەترسیەلەتەقینەوەی گۆڕان, ئەوگۆڕانەی‌بەرلەهەمووشتێك هەڕەشەی مەرگە لەسەرمەعریفەی تۆز لیٚ‌نیشتووی‌نێوپەڕاوە بەسەرچوەکان, ئەوەی ناوی نراوەبەسیستمی خوێندن ئەوسیستمەی دەسەلاّت داکۆکی لیٚ‌دەکات, چونکەبەبونیادێکی دەسەلاّتەکەی خۆی دەزانێت‌وەك دامەزراوێکی سەربەخۆسەیری ناکات, بەڵکوزۆرجاردەبیٚ‌بەومۆزەخانەیەی‌کەلاوان سەرقاڵی‌حیکایەتەبەسەرچووەکان دەکات,ئەوەش خولقاندنی‌زیندانێکی‌پەروەردەییە, کەنایەڵیٚ‌ببیٚ‌بەدامەزراوێك

بۆگۆڕان, ئەوەی لەپاریس بەرهەمی پەیوەندیی زانکۆو ڕوناکبیران بوو, خوێندکارانی خستەسەرشەقام, ودواترڕووبەرووی کۆشکی (دیگۆڵ) بوونەوە, گۆڕانێکەلەسیستم وعەقڵییەت, ئەوەی لای ئێمەزانکۆدەبێت بەخوێندنگایەك, ئەوالەپاریس خوێندکارانی زانکۆهاتونەتەدەنگ بۆڕزگارکردنی ژنان وئازادیی سێکسی وهۆمۆسێکسواڵەکان, کەچی لای ئێمەزیندانێکەبۆلانەدانی لاوان لەنەریتی ڕابردوو, بەوەش زانکۆنەریتەکانی کۆمەڵگا وەردەگرێت, نەك لەزانکۆبپەڕینەوەناوکۆمەڵگا, زانکۆدەبێت بەوەرگرو ڕۆڵی نێرەر نابینێت بۆ گۆڕان, بەڵکو کۆمەڵگا مۆنۆپۆلی زانکۆش دەکات، ئامارژەکردن بۆحیجابی کچانی کورد لەکۆمەڵگادا نمونەیەکی ئەو مۆنۆپۆلەیە, لەبڕی ئەوەی لەزانکۆوە فڕێ بدرێت ئەوا لەزانکۆوە عەقڵێك لەپشت حیجاب ونەریتە خێڵەکیەکان لەکاردایەودەیهێنێتەوە نێو کۆمەڵگاش, ئەوەش بەرهەم هێنانەوەی جۆرێکی تری دەسەڵاتە, ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەکاتی ناڕەزایەتی خوێندکارانی ئێرانی نەیتوانی پیرۆزی زانکۆ بشێوێنێ وسوپاکەی بخاتەنێو زانکۆوە, کەچی لای ئێمە لەشەڕی ناوخۆدا, زانکۆ بووبەسەنگەری حزب و ڕێکخراوێکی خوێندکاریی بەیاننامەیەکی بلاوکردەوەوداوای لەخوێندکاران کرد نەچنە زانکۆولەزانکۆی ماڵەوەبن, چونکەزانکۆلەدەسەڵاتی ئەوان دەرچووە, بۆیە سەیر نییە کاتێ روناکبیران بیانەوێ ئەو دیوارە بڕمێنن بەچوونیان بۆناو زانکۆ, لەڕێگەی سازدانی کۆڕوسیمینار, مامۆستایەکی زانکۆ کەنووسەریش بێت, داوای ڕەزامەندیی ڕێکخراویی خوێندکارانیان لێ بکات, ئەو ڕێکخراوەی کاتێ حزبەکەی لەشاردا نامێنێ داوا دەکات خوێندکاران بەرەو زانکۆ نەچن ولەماڵەوە بمێننەوە, بەپێی قەولی بەیاننامەکە هاتووە"چونکە زانکۆی ماڵەوەش پیرۆزە"

دەبێ ئێمە زانکۆ بەچی تێبگەین, تاماڵەوەش بەزانکۆ ناوبەرین؟ بڵێی ئەو حزبەی لەپشتی ئەو بەیاننامەیەدا وەستاوە, زانکۆ بەدامەزراوێکی کۆمەڵایەتی ناو نەبات؟ کەوایە بۆچی نایخاتە سەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی؟

کاتێ توانای جیاکردنەوەمان نییە, ناچارین قسەلەو مەعریفەیە بکەین, کەلەناو بوونی زانکۆ پەنهان دراوە, ئاخۆ زانکۆ بەمەعریفەیەکمان دەگەیەنێت؟ یاخود دەمانەوێ لەڕێگەی زانکۆوەداکۆکی لەوکلتورە مەعریفیە کوردیە بکەین؟ئەو پرسیارە بەبێ هەڵوەستەکردن وەلام دەدرێتەوە, مادامەکی ئەو دامەزراوە لەسەرمەعریفەکردنی نەگۆڕبەڕێوە دەچێت, کەداکۆکی لەدۆگما دەکات, ئەوەش دەمانگەیەنێت بەپرسیاری چیەتی لەزانکۆبۆئەوەی ئەو ڕەهەندە فەلسەفیە بۆپرسیارەکەلەدەست نەدەین کەمەبەستی سەرەکی بابەتەکەمانە بۆیە ڕاستەو خۆ دێینەسەر پرسیارە فەلسەفیەکەی هایدگەر لەو دامەزراوەی کرد.

## زانکۆ چییە؟

کاتێ پرسیار لەچیەتی زانکۆ دەکەین پێویستەستراتیژی پرسیارەکە بیر خۆمان نەبەینەوە کەئێمە پرسیار لەچیەتی مەعریفە دەکەین, چونکە پرسیارکردن لەزانکۆبەتەنیا پرسیار نییە لەباڵەخانەیەك کەبووە بە گردبوونەوەی مامۆستاو خوێندکار, بەڵکو پرسیارە لەکۆی ئەو سیستمە مەعریفیەی کە ئەو دامەزراوە بەڕێوە دەبات.

ئەگەر ئاوڕێك لەووتارەی هایدگەر بدەینەوە کاتێ لەساڵی 1933 بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەسەرۆکی زانکۆی فرایبۆرگ پێشکەشی کرد, بەناوی(سەربەخۆیی زانکۆکان لەئەڵمانیا) کەبۆگەیشتن بەستراتیژی چیەتی مەعریفە, کۆمەڵێك پرسیار دەکات, پرسیار لەئامادەگی مەعریفەو مەعریفەی نائامادە, ئەوەشی بەسەرەتای فەلسەفەی یۆنانی دەبەستەوە, بەواتای پرسیاری هایدگەربۆ سەربەخۆیی زانکۆ پرسیارێکە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی, چونکە مەعریفەی بەفەلسەفە ناو دەبردەوە, بەواتای مەعریفەبۆئەوەی خۆی بسەپێنێ ڕوودەکاتە فەلسەفەوبەهاوکاریی ئەو خۆی ڕادەگەیەنێت, بۆیەبەشاردنەوەی پرسیاری مەعریفە چییە؟ئەوە زانکۆناتوانێ

ئازادبێت, زانکۆکانی ئێمە لەدەرەوی مەعریفەن, مەعریفەبەو مانایەی کەهەڵگریی فەلسەفە بێت,ئەوەی هەمانیشە تەنیا ئەلف وبایەکی سەرەتاییەودیوارێکی لەبەرامبەرمەعریفەپێ درووست کراوە, بەواتای ئەوەی هایدگەر دەیەوێ بۆی بگەڕێتەوەسەرمێژووی فەلسەفەی یۆنانی,تاوەکولەبنەماکانی ئەو مێژووە تێبگات, ئەوەیان لای ئێمە باسێکی فەرامۆش کراوە, چونکەئەو دامەزراوە لەکوردستان لەدەرەوەی مەعریفەوەیە, مەعریفەبەو مانایەی کەهەوڵی خۆدۆزینەوەمان بدات وکەشفی نەبینراوەکانمان بۆبکات, بەواتایهەمووبەشێك لەناو ئەو ئەبستیمەدادەبێتە مەعریفە, پرسیاربەرلەوەی بەدوای مەعریفە بگەڕێ, خۆی کایەیەکی مەعریفیە, بۆیە تاوەکو پرسیاری (مەعریفە چییە؟) لەخۆمان نەکەین ناتوانین هەوڵی ڕزگاربوون لەدۆگما بدەین,دۆگما وا فێری کردووین, کەلەمەعریفە گەیشتووین,.تائەو تێگەیشتنەدەرنەکەینە دەرەوە, توانای پرسیارمان نابێت, چونکە لەنەخوێندەواری خۆمان خۆمان پێ خوێنەوارە, ئێمە خاوەنی مەعریفەیەك نیین بەئاسۆیەکی ڕوونمان بگەیەنێت, چونکە دەرگاکانی مەعریفەمان لەسەر خۆمان داخستووە,یەکەم دەرگا کردنەوەش گۆڕینی سیستەمی خوێندنەلەزانکۆدا, ئەو سیستەمەی بەهۆی نائامادەگی مەعریفەعەقڵێکیدۆگمایی تێدا بەرهەم هێناوە, بەوەش دوالیزمی زانکۆ بووە بە (مەعریفە/دۆگما), دەبێ ئەو دوالیزمە تێك بشکێنین ومەعریفە جێگا بەدۆگما لەق بکات وشوێن پای خۆی جێگیر بکات بۆگۆڕانکاریەکان,ئەو گۆڕانکاریانەی گلۆبالیزەیشن لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت, کەڕێگەی ئەوە نادات زانست لەسنورێکدا بەند بکرێت, بەڵکو لەبەردەم گۆڕانی زانست ئێمە پێویستمان بەزانکۆیەکە, بەپێی خواستەکەی دریدا(زانکۆی بێ مەرج خواستی منە) کەبەلایەوە هاتنە دی ئەو کارەش لەڕێگای زانستە مرۆییەکانە(مێژوویی, یاسایی,سۆسیۆلۆژیی,سایکۆلۆژیی, ئەدەبی) بەپێی چەمك وتێگەیشتنەنوێیەکان, نەوەکوبەڕوانینە مێژوویەی کەلەزانکۆکانی کوردیی ئامادەیی هەیە, ئەو ئازادیەی بۆزانکۆ داوای دەکەین ئازادیەکەدەبێ ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئابوری بێتەوە, بۆیە زانکۆ پێویستە خۆی بەبەرهەمی مۆدێرنێتی بزانێت, ئەوەش تەنها بەرهەمێکی ڕووکەشانە نەبێت,بەڵکو شوێنگەی خۆی لەناوئێستای زانستە مرۆییەکان دەست نیشان بکات, کەواتەچۆن سەیری زانکۆی بێ مەرج بکەین؟

**زانکۆی بێ مەرج**

زانکۆیە کە هەرگیز کارگێڕانی قبووڵیان نیە, ئەوە زانکۆیە کە تەنیا ویستی خوێندکارەکانیەتی, ئەوماموستایەی لەگەل ئەوزانکۆیەدابێت هەڵبەت بەخائینی وەزیفەکەیسەیردەکرێت,زانکۆی بێمەرج ڕەتکردنەوەی سیستەم نییە,بەڵکو زانکۆیەکە لەڕێگەی ڕەخنەگرتن وهەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پێشوو دەیەوێت سێنتەری ئەوعەقڵەدۆگمایە هەڵوەشێنێتەوە.

هەڵوەشاندنەوەی سیستەم مانای سڕینەوەودژایەتی کردنی تەواوی ئەوبونیادانەیەکەگوتاری دەسەڵات لەونێوەندەبەرهەم دێنێت, وتارێك بەتەنیادەسەڵاتی سەرکوتکردنەوەی خوێندکاری نییەلەونێوەندە, بەڵکو خوڵقاندنەوەی دەسەڵاتی ئابوری وکۆمەڵایەتی وئایدیۆلۆژیە,ئەودەسەڵاتەش لەزانکۆی کوردیداخاوەن کلتورێکە بەعس خولقێنەریەتی,ئەوەسەرەڕای ئەوەی دەرگانەکردنەوەلەمەعریفەی نوێ وحەقیقەت وەك بابەتێك بۆفرەیی گوتاریی تیۆریی,کەئەوەیان بەلای (دریدا)وە پێویستەلەزانکۆدا بەقوڵی گفتوگۆی لەسەر بکرێت دیارە ئەوەشیان بابەتێکە لەزانکۆی کوردیی بەتەواوی فەرامۆش کراوە, کەچەمکی مرۆڤ وەك زەمەنی ئەومرۆڤە لەئێستادا بوونی نییە, بەڵکوئەوەیبوونی هەیە مەعریفەیئامادەوتۆزلێ نیشتووە,چەمکی مرۆڤومافەکانی وتاوانەکانی بەرامبەری دەکرێن وپەیوەندیئەومرۆڤە بەوزەمەنە گەردوونیە باسێکی لەبیرکراوە,هەڵوەشاندنەوەیسێنتەری ئەوعەقلەش پێویستیبەتێڕوانینی نوێ ومرۆڤی بیرکەرەوەهەیە,هەڵبەت بەوکەسانەچارەسەرناکرێت کەنامەی ماستەرەکانیان لەسەرژمارەی گوندەکان وحیکایەتی مێژووی ساختەوفاریزەوخاڵ لەدەقێکی شیعریداوەرگرتووە, وبێئاگان لەمەعریفەیسەردەم وخوێندنەوەی ڕەخنەییبۆزەمەنی هەنووکەییمان وقسەکردن لەوزەمەنەوگەڕانەوەبۆتاوانی ئەنفال وەك گەورەترین ڕووداوی ئەوزەمەنە هەنووکەییە, کە چۆن ئەو ڕووداوە تراژیدیە بوونی ئێمەدەخاتە قۆناغێکی ترەوە کەزانکۆ تاوانی

**قسەکردنی لەوقۆناغە نەبووە , ئەوەزانکۆ نەبوو بەڵکو نووسەرێکی دەرەوەی زانکۆبوو, بەختیار عەلی بوو کەووتی"لەگەڵ ڕووداوی ئەنفال سەدەی بیست بۆکورد کۆتایی هات"**

## بێدەنگی بزووتنەوەی خوێندکاریی

قسەکردن لەبێدەنگی لەناو بزووتنەوەی خوێندکاریی لەوەدەچێت پرۆسەیەك بێت پەیوەندیی بە یادەوەریی ئەو دامەزراوە هەبێت کەپێی دەڵێین زانکۆ,چونکە یادەوەری زانکۆلەکۆمەڵگای ئێمەدا پەیوەندیی بەیادەوەریی بەعسیزمەوەهەیە,ئەگەرسەیربکەین لەڕابردووی‌عیراقی هەشتاکان دەبینین زانکۆوەك دامەزراوێك لەسەرەتاوە هە ڵدەستێت بەدەربڕینی دەنگێکی‌ناڕەزایی,بەجۆرێك وەك دژایەتی کردن لەبەرامبەردەوڵەت ڕاپەڕینی‌خوێندکارانی ساڵی1982نمونەیەکی دیاری ئەوحالەتەیە, ئەوڕاپەڕینەحالەتێك درووست دەکات تیایدا زانکۆلەدامەزراوێکەوە دێتە سەرشەقام بۆمەبەستی‌ووشیارکردنەوەی کۆمەڵگا ودەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی بەڵام دواتربەعس هەموو دامەزراوەکانمان مۆنۆپۆل دەکات لەنێویشیاندا زانك لەوێدا وەزیفەی زانکۆش دەگۆڕێت,بۆیە لەعیراقی هەشتاکانداچیدی زانکۆ بەرهەم هێنەری مەعریفە نییە, بەڵکو بەرهەم هێنەری کەسی بەعسیە, بەعس بەتەواوی ئەچێتە ناو زانکۆ, بۆیە زانکۆ لەجیاتی ئەوەی سەرپەرشتکارێکی مەعریفی بەرهەم بێنێت چاودێرێکی بەعسی‌بەرهەم دێنێت,ئەگەرلێرە نمونەیەك لەو حالەتە بێنینەوە, ئەوا ئامارژەبۆکتێبەکەی"عامر بدر حسون" باشترین نمونەیە, کەخوێندکارێکی بەعسی تەنانەت دەتوانێت سیخوڕی بکات بەسەر مامۆستایەکی زانکۆش,تا ڕادەی ئەوەی ئەوکاتەی ئەوخانمەمامۆستایە دەبرێت بۆ دەزگاکانی‌ئەمنی‌بەعس ئەو ئەفسەرەی ئەشکەنجەی دەدات وسوکایەتی پێدەکات هەر هەمان خوێندکاریی خۆیەتی.

ئەویادەوەریەی ئێمەلە تەك پەیوەندی بەعس بەزانکۆوە پەیوەستە بەدۆخی بێدەنگیمانەوە نەك لەبەر ئەوەی ترسی خوێندکار لەو یادەوەریە دەرنەچووە بەڵکو ئەزموونی دەسەڵاتی کوردیە, بەهەمان فاکتەرو عەقڵیەتەوە کاری لەتەك ئەو دامەزراوە کرد چ لەڕووی وەرگرتنی خوێندکاروچ لەکاتی چاوسورکردنەوەلەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەری خوێندکاران,بۆیە ئەو وێنانە لەزانکۆکانی کوردستان تائەمرۆگۆڕانی بەسەردا نەهاتووە,هەرئەو وێنە زەبرووزەنگەیە کەبەعس بەرهەمی هێناوە,ئەم وێنەیە نەگۆڕاوە بەشێوازی جیاوازیش خۆی بەرهەم دێنێتەوە,بۆیە ئەوە پەیوەندی بەبێدەنگی خوێندکارەوە نییە,بەقەدئەوەی‌پەیوەندی بەدەسەڵاتی تۆقێنەریی‌بەرامبەرە هەیە,باڵەخانەی سەرۆکایەتی زانکۆتەنیا چەند مامۆستایەك نیین,وەك چۆن تەنیا چەندژووروهۆبەیەك نیین کەحوکمی ئەو دامەزراوە دەکەن,ئەمرۆلەکوردستاندا ئەگەرسەیربکەین دەبینین زانکۆلەوێنەیەکی ترەوە سەرۆکایەتی‌زانکۆنوێنەرایەتی دەکات,پەرلەمان دەستکاریی‌دەکات حکومەتی تێدایە, پۆلیس‌وئاسایشی تێدایە, ئەمان هەموویان بەشدارن لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆ,بۆیە کاتێك دۆخێکی بێدەنگی دێتە ئاراوە,دۆخێك تیایدا خوێندکاربێدەنگ دەبێت,پەیوەندیی بەزەبرووزەنگی‌دەزگاکانەوەهەیە,ئەگەربەزمانی"ئاڵتۆسێر"قسە بکەین ئەڵێین, دەزگائایدیۆلۆژیەکانی‌دەوڵەت لەمرۆدا هەموویان لەپێناوکۆنترۆڵ کردنی زانکۆدا کاردەکەن, دەزگا ئایدیۆلۆژەکانی‌دەوڵەت توانای ئەوەیان هە یە خوێندکاربێدەنگ بکەن,بۆیە لێرەدا ئەو بێدەنگیەی خوێندکار لەبنەڕەتدا پڕۆسەیە کە دەزگا ئایدیۆلۆژیەکانی‌دەوڵەت هەوڵی‌بێدەنگ کردنی‌ئەدەن نەوەکو خوێندکاربێدەنگ بێت,بەڵام لەم بێدەنگ کردنە زیاتر دۆخێکی‌بێدەنگی‌بەرهەم دێت,چونکەتائێستائاکارێکی بەعسیانەئامادەیی هەیە حزب لەناو زانکۆدابوونێکی‌پۆلاینی‌هەیە, بەعس کاتی‌دەیویست زانکۆوەك بارەگای فرقەی حزبی سەیربکات بۆئەوەبووکەسی بەعسی‌بۆبەرهەم بێنێت,ئەمەش واقعی‌حالە لەئێستادا ئیسلامیەکان دەیانەوێت لەزانکۆکانی کوردستاندا کۆمەڵێك کوڕی ڕیشن‌وکچی لەچك بەسەری بۆبەرهەم بێنێت,دەشێ کۆمۆنیستەکانی‌ئێمە خەونی ئەوەیان هەبێت کۆمەڵێك پرۆلیتارلەزانکۆبەرهەم بێنن,جاباوازلەودووحزبەی تریش بێنین کەوەکو دووبارەگای خۆیان سەیری زانکۆدەکەن..وای لێ هاتووە ئیترخەون بەوە ببینن کەزانکۆباشترین شوێنە بۆکەسی حزبی خۆیان,لەبەرامبەر ئەو حالەتە بزووتنەوەی خوێندکاریی چونکە لەهەناوی حزب هاتۆتە بوون بۆیە تەواو بێدەنگە,بەتایبەت ئەوبزووتنەیە لەگەڵ هاتنی دۆخێکی نوێ بۆ عیراق‌وهاتنی مارێنز بۆناو زانکۆ ئەوبزووتنەیە ڕەخنەی نەبوو لەو چوونەبەڵکو ئامێزی بۆکردەوەئەگەرچی ئەوەیان سیسستمی خوێندن‌وئەو عەقلیەتەی ئەو دامەزراوەبەڕێوە دەبات بەر پرسە,لەکۆتایی ئەو ووتارەدا هەوڵ دەدەین هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو پەیوەندیە بکەین,کەخوێندکاری زانکۆ لەنێوان مارێنزو بیریارێك کامیان هەڵدەبژێرێت.

## زانکۆلەنێوان مارێنزو بۆردیۆ دا

هەرکاتێك وویستمان تێڕۆانینی ڕەخنەیی‌لەبارەی زانکۆوەدەربڕین,پێویستە ئەوتێڕوانینە بەرینەوەنێوناێامادەیی مەعریفە,نەبوونی مەعریفەپرسیارەلەچیەتی‌ئەودامەزراوە,بۆیەهەرکاتێك وویستمان بپرسین زانکۆچییە؟دەبێ ئەوەمان لاوون نەبێت کەلەجەوهەردا دەمانەوێ بپرسین مەعریفە چییە؟چونکە ئەوپرسیارەوابەستەیە بەگۆڕان لەسیستمی‌نێو ئەو دامەزراوە,کەدیارە گۆڕان چەمکێکە کارگێڕانی ئەو شوێنە پەست دەکات,چونکەئەو چەمکە مانای چۆل کردنی‌ئەو ڕووبەرەیە کەسیستمێکی نەگۆڕی پێ‌بەخشیوون ، کاتێ سیستم توانای گۆڕانی نەبوومانای وایە مەعریفەی باوبەرهەم دەهێنرێتەوە وزانکۆناتوانێ تێڕوانینی نوێ‌وعەقڵی جیاواز قبووڵ بکات,بۆیە ئەگەر ئەولێکۆلینەوانەی خوێندکار سالانە لەو شوێنە بەرهەمی دێنێت‌وبخرێتە ژێر دیدێکی ڕەخنەییەوە, ئەوسا دەزانین توانای بەرهەم هێنان چەند لاوازەوئەوسیستمە بەسەرچووەچۆن خەریکی گەمەکردنە لەناو کتێب‌وسەرچاوەکان خوێندکاری سەرقاڵ

کردووە بەفاریزەوخاڵوناوڕیزکردن,ئەوساتەی ئەودامەزراوە ناتوانێمەعریفەی نوێ بەرهەم بێنێت,ناتوانین ئەو باڵەخانەیە وەك ڕووبەرێك بۆ بەرهەم هێنان سەیر بکەین, بەڵکو دەبێ وەك گەراجێکی گەنجان تەماشای بکەین, کەگەنج لەو گەراجە خۆی تیادا نمایشت دەکات,بۆیە کچان دەتوانن لەو شوێنەدا ئەوکوڕانەی لەهەندەران دێنەوە شێتوشەیدایان بکەنوبەهەمان شێوەش کوڕان قۆزیوتوانای دارایی خۆیان دەخەنەڕوو,ئەوساتەلەگەراج بوون دیاردەکانی مۆدێرنەوەك مۆدیی سەردەم بەڕوویاندا دەردەکەوێ, ڕۆژێك لەشێوەی"زەکەریاو نانسی عەجرەمو پرتوقالەو"ڕۆژێکی تر لەشێوەی"مازداو ڤیکتراو"دواتریش لەهاتنی مۆدیی مارێنز بۆناو زانکۆ وێنەگرتنی کچان لەتەك مارێنز, پەیوەندیی بەئاستی لاوازی کچە خوێندکارەکانەوەنییە,بەڵکو مادامەکی ئەو دامەزراوە وەزیفەی خۆی لەمەعریفە گۆڕیووە بۆگەراج ئیدیی هەموو شتێك ڕوودانی ئاساییە,تەنانەت ئەو مامۆستایانەی کەپێیان وایەئەوەخەوشێکەلەخوێندکاران,پێویستە ئەوەبۆئامادەنەبوونی مەعریفەی ئەو دامەزراوەبگەڕێنینەوە کە مامۆستا لەپشتیەتی نەوەك خوێندکار، ئاخر کەتۆ نەتوانێ"شتراوسوئیبن خەلدونومۆگانولاکان"ی پێ بناسێنی, کەتۆ نەتوانێ ئەو ئاشنا بکەیت بە "بییر بۆردیۆ" ئەوبۆچی نەچێ هاوڕێیەتی ویادگاری لەگەڵ مارێنز تۆمار نەکات,خۆکتێبەکان نەیان توانیووە لەگەڵ ناوەکانی مەعریفە ئاشنای بکەن, ئیدیی ئەولەبەرامبەر ژیاری خۆر ئاوادا دەیەوێ ساتەوەختێك بدۆزێتەوە تیایدا یادەوەریی خۆی بکات بەبەشێك لەیادەوەرییمارێنز ئەو کارەکتەرەی مەعریفەی شەڕ هێنایە ناو گەراجومەعریفەیدەق نەیتوانی تێڕوانینەکانیبۆردیۆ بێنێت.